# چەمك و ناوەڕۆكی لێبووردن و پاساوهێنانەوە لە زماندا

**ئومێد بەرزان برزۆ[1] لیلی عزیز غیدان [2]**

[1] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، هەرێمی كوردستان، عێراق.

[2] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی گەرمیان، عێراق.

**پوختە -** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چەمك و ناوەڕۆكی لێبووردن و پاساوهێنانەوە لە زماندا)، توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ نیشاندانی چۆنیەتی داوای لێبووردنكردن و پاساوهێنانەوە لە زماندا، ناوەڕۆكی توێژینەوەكە لە سێ تەوەر پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا، باس لە چەمك و زاراوەی لێبووردن، چەمكی لێبووردن لە قورئانی پیرۆزدا، ستراتیژیەتەكانی داوای لێبووردنكردن و چۆنیەتی كردەكە بە پێی هەڵە، یان تاوانەكان كراوە. لە تەوەری دووەمدا، باس لە چەمك و سەرهەڵدان و پاساو جۆرەكانی پاساوهێنانەوە كراوە. لە تەوەری سێیەمدا باس لە هۆكارەكانی سەركەوتنی كردەی لێبووردن و پاساوهێنانەوە كراوە، لە كۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان باسكراون.

**كلیلە ووشەكان -** زمان، لێبووردن، پاساوهێنانەوە، كلتور، تاوان..

## پێشەكی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ شیكردنەوەی زمانی لێبووردن و پاساوهێنانەوە و چۆنیەتی بەكارهێنانیان بەپێی هەڵەكان یان تاوانەكان لە چوارچێوەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتیدا، هەروەها ئەو شێوازەی تاكەكانی كۆمەڵ بەپێی تاوانەكانیان بەكاریاندەهێنن. لێبووردن ڕۆڵێكی گرنگ لە كردەی پەیوەندیكردن لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا دەبینێت. ئامانجی توێژینەوەكە، ڕوونكردنەوەی چەمك و ناوەڕۆكی ئەم كردانەیە بە شێوەی زانستیانە و خستنەڕووی فۆرمە باوەكانی لێبووردن و پاساوهێنانەوە لە زمانی كوردیدا. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی پەسنی (وەسفی) بەستراوە. توێژینەوەكە لە سێ تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكدێت.

## 1) لێبووردن (چەمك و تێڕوانین)

### 1/1)لێبووردن(زاراوەو ناساندن)ی:

ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، (logos) بە واتایی قسە یان وشە دێت. لە بنەڕەتدا ڕەگی وشەكە پەیوەندیی بە پاساوێكی فەرمییەوە هەیە، بە مەبەستی بەرگریكردن یان ڕونكردنەوەیە، داوای لێبووردنكردن ئاماژەیە بۆ ئەو تێبینیانە كە دوای بریندابوون ئەنجامدەدرێت، جا بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست (Cohen, 1999: 72). كردەی داوای لێبوردن لە سەرەتادا لە لایەن ئۆلشتاین و كۆهین لە ساڵی (١٩٨٣) و پاشان بلوم كۆلكا و هاوس و كاسپەر لە ساڵی (١٩٨٩) خرایەڕوو (Cedar, 2017: 216). داوای لێبووردن كردەیەكە لە هەموو كلتورو كۆمەڵێكدا بوونی هەیە، بەڵام ئەم كردە لە هەموو كلتور و كەسێكدا وەك یەك سەیر ناكرێت، بە شێوەیەكی گشتی بە كردەیەكی باش و ئەرێنی دادەنرێت.

داوای لێبووردنكردن بە تەنها لە دەربڕینێكی سادەی وەكو (ببوورە) پێكنەهاتووە، بەڵكو چەندین شێواز و ڕێگای لێبووردنكردن هەیە، لە پرۆسەی داوای لێبوردنكردن دەبێت تێبینی دوو خاڵ بكرێت، كە ئەوانەش بریتین لە:

١- سەرەتا پێویستە بوترێت، دەربارەی دەربڕینی هەستیار و قسەكردن و دانان بەو هەڵەیە كە كردوویەتی.

٢- بە شێوەیەكی گونجاو واتای پشت داوای لێبووردنەكە و كێشەكە ڕوونبكرێتەوە.

چەند لێكدانەوەیەك بۆ چەمكی داوای لێبوردن هەیە، لەوانەیە كەسێك پێیوابێت، داوای لێبوردن دەربڕینێكی سۆزدارییە و ڕەنگە كەسێكی دیكەش پێیوابێ دانانە بە هەڵەیەك، یان كەسێك لە ئەنجامدانی هەڵەیەك پەشیمان دەبێتەوە، كە بە داوای لێبووردنكردن هەڵدەستێت، واتە كاتێك مرۆڤ لە ئەنجامی هەڵەیەك پەشیمان دەبێتەوە، خێرا داوای لێبووردن لە بەرانبەرەكەی دەكات، بۆ ئەوەی زیان یان كێشە دروستنەكات. وەك ئەوەی كەسێك بە كەسێكی تر دەڵێت: ببورە، من هەڵەبووم (عثمان و عەلی، 2018: 151).واتە دەربڕینی داوای لێبووردنكردن بە وشەی (ببوورە) ئەنجامدەدرێت. وشەی ببوورەش دەتوانرێت چەندین لێكدانەوەی لە نێوان گوێگر و قسەكەر بۆ بكرێت. بەكارهێنانی (ببوورە)ش بەپێی جیاوازی واتا دەكرێت بە سێ بەشەوە:

١- دانان بە هەڵە. بۆ نموونە:

ببوورە من هەڵە بووم.

2- دەربڕینی پەشیمانی لە كردەوەیەكی بریندارکەر، بۆ نموونە:

ببوورە نەدەبووایە، ئەو كارەم بكردایە. (cohen, 1990: 72)

٣- (دەربڕینی هاوسۆزی بۆ بەرامبەر، بۆ نموونە: ببوورە هەڵەی من بوو.

لێبووردن بە پلەی یەكەم وەكو كردەوەیەكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەڵگری مانای كاریگەرە، داوای لێبووردن كردەوەیەكی دۆستانەیە، ئامانج لێی پاراستنی هاوسەنگی كۆمەڵایەتییە لە نێوان قسەكەرو گوێگردا، لەو كاتەی كە فۆرمە كۆمەڵایەتییەكان پێشێلكراوە، جا تاوانەكە ڕاستەقینە بێت یان ئەگەری)(Cendar, 2017: 16).

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp1-11

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 12 نيسان 2023 ؛ قُبل في 17 أيار 2023؛ نُشرت في 10 أيلول 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: omed.barzan@garmian.edu.kurd, laylaaziz5@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2023 ئومێد بەرزان برزۆ، لیلی عزیز غیدان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دۆڵسفۆن و مارمۆر و جۆنز چەند جۆرێك لە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی دەخەنەڕوو، کاتێک دەشکێنرێت، دەبێتە هۆی داوای لێبووردنکردن، ئەو پابەندبوونانەش ئەمانە لەخۆدەگرێت: (Wolfson and Judd, 1981: 178)

١- پابەندبوون بە پاراستنی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی، یان پابەندبوونێک پەیوەست بە کارەوە.

٢- پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە موڵک و ماڵی کەسانی تر.

٣- پابەندبوون بە زیان و ناڕەحەتی نەگەیاندن بە کەسانی تر.

بێگومان کاتێک (هەڵسوکەوتە ئاساییەکان لە پەیوەندییەکاندا دەشێوێنرێت، ئەو کاتە دیوی ڕاستەقینەی دۆخەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵێک هۆکار دەبنە هۆی ئاساییکردنەوەی ئەو کارانەی دەیانکەیت، کە دەتوانرێت بگوترێت بەندن بە بوونی گرنگیدان بە یەکتری لە لایەن بەشداربووانەوە، شێوازەکانی گرنگیدانیش لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەموویان وەک ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن. بۆ نموونە: ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی خۆی خزاندووەتە ڕیزێکەوە و ڕەفتارێکی زمانی دەربڕیایە و گرنگی بە بەرامبەرەکەی بدایە، وەک: زۆر داوای لێبووردن دەکەم، ئاساییە بەلاتەوە، ئەگەر لە ڕیزەکە بچمە پێشەوە؟ چونکە زۆر نەخۆشم و بەرگە ناگرم، چاوەڕێ بکە)(مەعروف، 2012: 18). پێویستە مرۆڤ بزانێت چۆن داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکات، کە بۆتە هۆی توڕەبوونیان، جا لە بارەکانی ئازاردانی بێ مەبەستدا کە لەوانەیە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنێکەوە بێت، یان لە ئازاری مەبەستدار کە لە ئەنجامی توڕەیی و لەدەستدانێکەوە بێت، بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە، داوای لێبووردنکردن دەربڕینی لاوازی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای لێبوردن بریتییە لە ڕەفتارێک کە گوزارشت لە ئازایەتی و کەرامەتی بەڕەوشت دەکات. سێ فاکتەر لە داوای لێبووردنکردن بەشدارن، ئەوانیش دانان بە هەڵە، گرتنە ئەستۆی ئەو هەڵەیەی کە کردوومانە، دەربڕینی پەشیمانیمان لەو هەڵسوکەوتانەی کە کردوومانە. ڕەنگە ئاسان بێت بۆ ئێمە دان بەو هەڵەیەدا بنێین، کە کردوومانە، لە نێوان خۆماندا بیخەینەڕوو، بەڵام ڕەنگە قورسبێت بۆ ئێمە، کە لە بەردەم ئەوانی تردا دەریببڕین، ئەمەش تەنها لەبەرلەخۆبایی و ترسە، ئێمە کەرامەتمان لا بەنرخە، لەوانەیە هەست بە شەرمەزاری بکەین، ئێمە لە وەڵامدانەوەی ئەوانی تر دەترسین، کە داوای لێبووردنمان لێکردون، هەروەها بۆ ئێمە ئاسانە بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵبین، وەک ئەوەی هەمیشە لە بیرمان بێت، داوای لێبووردن پێویستی بە هەوڵ و لێبووردەیی هەیە، لە لایەن ئەو کەسانەی کە داوای لێبووردنیان لێدەکات، بە هەمان شێوە تا وایان لێدەکات، هەست بکەن، ئێمە لە هەڵەکانمان بەرپرسیارین، هەوڵدەدەین ئەو هەڵەیەی کە کردوومانە، دوبارەی نەکەینەوە، بەم شێوەیە ئەرکی ئەو کەسەیە کە داوای لێبوردنی لێدەکەین، دان بە بوێری و نیازپاکی و ئارەزووی دڵسۆزیمان بۆ ئاشتەوایی بنێت.

یەکێک لەو پرسیارانەی مێشکی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بوێری داوای لێبووردنیان هەیە، ئەوەیە بە چ شێوەیەک داوای لێبووردن بکەن؟ داوای لێبووردنێکی نووسراو بێبەریمان دەکات لە وەستان، ڕووبەڕووی ئەو کەسانەی کە ستەممان لێکردوون، هەروەها داوای لێبووردنی نووسراو وەک دانپێدانانێکی بەڵگەدارە و ئەو هەڵەیەی کردوومانە، لە مێشکی ئەو کەسانە بە تازەیی دەهێڵێتەوە، بەوەی ئێمە توڕەبووین. بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی تەکنەلۆجیا بە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا، دەکرێت لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە داوای لێبووردن لە کەسێک بکرێت، بەڵام ئەمە ئەگەری ئەوە زیاددەکات، ئەو کەسەی داوای لێبووردنی لێدەکەین، لە پەیوەندییەکە ببڕێت، بەمەش داوای لێبووردنی ڕووبەڕوو بە باشترین و دڵنیاترین ڕێگە دادەنرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی لێبووردن، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:-

١- لێبووردن کردەوەیەکی قسەکردنە بۆ نیشاندان و دانان بەو ڕاستییەی کە لە پێشێلکردنی فۆرمێکی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە، ئەم کردەوەیە بۆ دەربڕینی باری دەروونی و سۆزداری قسەکەران، یان هەلومەرجێکی دڵسۆزی و کارکردن بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، گەڕاندنەوەی متمانە، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، قەرەبووکردنەوەی کەسی بەرامبەر، کە تاوانی بەرامبەر کراوە و بۆ پاراستنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان قسەکەر و گوێگر بەکاردێت(Cendar, 2017: 215).

٢- لیچ بەم شێوەیە پێناسەی لێبووردن دەکات و دەڵێت: بریتییە لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی نێوان قسەکەرو گوێگر، یان بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکاندا. کاتێک تاوانبار تاوانێکی ئەنجامداوە، داوای لێبووردنکردن دەتوانێت کاریگەریی بەهێزی لە کەمکردنەوەی ئەو تاوانەی هەبێت، کە تاوانبار ئەنجامیداوە(Leech, 1983: 125) .

٣- گۆفمان بەمشێوەیە دەڕوانێتە لێبووردن و داوای لێبوردن: بە کردەوەیەکی چاکسازی دادەنێت. لەو کاتەی قسەکەر تاوانێک ئەنجامدەدات، ئاماژەی بەوەشداوە، کە تاک بەسەر دوو بەشدا دابەشدەبێت، بەشێکیان تاوانباربوونە بە سەرپێچی و بەشێکی دیکەیان خۆجیاکردنەوەیە لە هەڵە و دووپاتکردنەوەی باوەڕبوونە بە یاساکانی پێشێلکاری(Goffman, 1972: 113) .

٤- کۆهین دەڵێت: داوای لێبووردنکردن ئەو جۆرە لێدوانەیە، کە لە ئەنجامی ئازاردانی کەسی بەرامبەر دروستدەبێت، جا ئەو ئازاردانە بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست. هەربۆیە پێویستە تاوانبار داوای لێبوردن بکات بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو کردەوەیەی کە ئەنجامی داوە(Cohen, 1999: 72) .

٥- کارسیا لەبارەی لێبووردنەوە دەڵێت: بریتییە لەو ڕوونکردنەوەیەی کە پێشکەش بە کەسێک دەکرێت، ئەو کەسە بەهۆی کردەوەی کەسێکیترەوە کاریگەری لەسەر بووە، یان ئازاری پێگەیشتووە، بەبێ ئەوەی هیچ نیازێکی شەڕانگێزی هەبێت، لەگەڵ دەربڕینی پەشیمانی یان دانپێنانێکی ئاشکرا بۆ کەسی بەرامبەر، کە ئازاری داوە و لەگەڵ دەربڕینی پەشیمانی بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکەیان وەکو پێشوو، یان بە شێوەیەکی تر بریتییە لە دانان بەو هەڵەیەی کە بەرامبەر بە کەسێک کراوە، کە کاریگەریی کردەکەی لەسەرە و بەمەبەست تاوانبارکراوە، دەربڕینی پەشیمانی بۆ ئەو کردە یان هەر شتێک کە کردویەتی، دانپێنان بە تاوانەکە و دەربڕینی پەشیمانبوونەوە لێی، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر قەرەبووبکرێتەوە (Carcia, 1989: 44).

٦- چیل بەمشێوەیە دەڕوانێتە لێبووردن و دەڵێت: داوای لێبووردن داواکارییە لە وەڵامی تەوبەدا و ئامرازێکە بۆ لێپرسینەوە لە کەسی تاوانبار لە کۆمەڵدا و بەمشێوەیە هەندێک گەرەنتی دەدات، کە هەڵەکەر لە داهاتوودا خۆی لە شەرمەزاری بەدوور بگرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی(Gill, 2000: 24).

٧- داوای لێبووردن دەکرێت بەهۆی ترسی قسەکەرەوە بێت، لەلایەن بیسەرەوە لێکبدرێتەوە وەک نیشاندانی لاوازی، بەکارهێنانی کردەی داوای لێبووردن دەکرێت ڕەگ و ڕیشەی قوڵیان لە کلتوری جیاوازدا هەبێت و بەمەش بەپێی کلتور داوای لێبووردنیش جیاواز دەبێت (Banikalef and teal, 2015: 92)).

٨- لێبووردن بریتییە لەو شێوازە تایبەتییەی مرۆڤ بە مەبەستی دەربڕینی پەشیمانی خۆی بۆ کەسی بەرامبەر بەکاریدەهێنێت، دانان بەو هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە، وەک ئیمامی علی (خودا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی (الاقرار اعتذار) واتە (دانپێنان داوای

لێبووردنە). ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەشیمانی لەو کردەوەیەی،کەکردویەتی (عبده، ١٩٩٢:٢)

٩- لێبووردن بریتییە لە بەهێزکردن و نوێبوونەوەی ئەو خوێنەی کە لە نێوان دوو دڵدا دەڕژێت، ئەو کەسەی هەڵەکەی ئەنجامداوە، داوای لێبووردن دەکات و دەستپێشخەری دەکات، ئەمەش بەپێی ئادابی کۆمەڵایەتییە و لەهەمان کاتیشدا دڵ لە نەخۆشی و لوتبەرزی و خۆبەگەورەزانین پاکدەکاتەوە، هەروەها چارەسەری ڕقوکینە دەکات، پێویستە کەسی بەرامبەر لەو کەسە خۆشبێت، داوای لێبووردن دەکات. هەریەک لەو دوولایەنە پێویستە ئەوە بزانن، خودای گەورە لەو کەسانە خۆشدەبێت، کە تاوانبارن و تەوبەدەکەن، داوای لێبووردن دەکەن و داواکەیان قەبووڵدەکات، هەر لەبەر ئەمەیشە لەسەر کەسەکان پێویستە بە داوای لێبووردنی یەکدی ڕازیبن (سلیمان عبدالله المنیف، بدون سنه: ٧).

دەتوانین بڵێین داوای لێبووردن بریتییە لەو کردەیەی کە کەسێک ئەنجامی دەدات بەرامبەر ئەوەی هەڵەیەکی کردوە و لێی پەشیمانە و داوا لە کەسی بەرامبەر دەکات، کە لێی خۆشبێت بەرامبەر ئەو کردەوەیەی کردویەتی، ئەمەش بە یەکێک لە سیفەتە باش و بەڕەوشتەکان دادەنرێت. داوای لێبووردنکەر ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئارەزوودەکات، لە کردەوە نەرێنییەکانی ڕزگاری بێت، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و ئەو هەڵەیەی، کە کردوویەتی، چاکی بکاتەوە.

## 2/1) چەمکی لێبووردن لە قورئانی پیرۆزدا:

چەمکی لێبووردن لە قورئاندا بەو مانایەی نزیک لەو مانایەی لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا هاتووە، بە واتای (بیانوو یان لێخۆشبوون) دێت. لێبووردن لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیە بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگی و ڕێزگرتن و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە هەموو مەزهەبەکاندا، زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز داوای وازهێنان لە ڕەفتار و خووی خراپ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا دەکەن، پتەوکردن و قوڵکردنەوەی پەیوەندی و پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی ڕووحی لێبوردەیی لە نێوانیاندا، بۆ نموونە خودای گەورە دەڵێت: ((ولو ألقى محاديره))(سورة القيامة/١٥). بەواتای ئەو ئارگۆمێنتەیە، کە مرۆڤ دەیهێنێتەوە بەمەبەستی پاساوهێنانەوەو داوای لێبوورنکردن بۆ کارێکی خراپ، کە کردویەتی، واتایەکی تریشی مەبەست لە بیانووە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی بیانوو و پەردەپۆشکردنی خراپەکان، لێرەدا کەسەکان ئەو کارە خراپانە دادەپۆشێت، کە کردویانە بە مەبەستی لێخۆشبوون(العامري و حسن، ٢٠١٨: ٣). وشەی لێبووردن لە قورئانی پیرۆز لە زۆربەی ئایەتەکاندا بۆ هەمان ئەو مانا نزیکانەی لە فەرهەنگەکاندا باسکراون، ئاماژەی پێدراوە لە دیارترین ئەو مانایانەی ئاماژەن بۆ لێخۆشبوون بریتییە لە (لێخۆشبوون لە گوناهەکان)، بۆ نموونە لە یەکێک لە ئایەتەکان هاتووە ((ثم عفونآ عنكم من بعد ذلك لعلكم تشكرون))(سورة البقرة/٥٢). ئەم ئایەتە ئاماژە بە لێخۆشبوونی پەروەردگار دەکات، بەوەی ئەو تاوانەی لەسەر جولەکەکان لابراوە، کاتێک گوێدرێژیان وەکو خودای خۆیان داناوە، کاتێک پێغەمبەر موسا (د.خ) ڕۆشتوە بۆ قسەکردن لەگەڵ پەروەردگار و داوای لێخۆشبوونی بۆ خەڵکەکەی کردوە، خودای گەورە لێیان خۆشبوو بەرامبەر ئەو تاوانەیان و لەسەر ئەو گوناهە گەورەیەی سزای نەدان، کە کردویانە. کە ئەویش لە هاوبەشی و شەریک پەیداکردن بۆ خودای گەورە. هەر سەبارەت بە داوای لێبووردن لە چەندین ئایەت و فەرموودە باسی لێوەکراوە و لێرەدا چەند ئایەتێك دەخەینەڕوو، ((ليعفوا وليصفحوا ألا تحبون أن يغفرالله لكم والله غفور رحيم))(سورة النور/٢٢). ئەم ئایەتە پیرۆزە هاندەرە بۆ ئەوەی لێخۆشبوون پێویستە، لێخۆشبوون لە ستەمکار و زاڵبوون بەسەر ئەو کارەی کە بەهەڵە ئەنجامیداوە، پەروەردگار لێیان خۆشدەبێت بەرامبەر ئەو تاوانەی کردویانە، چونکە پەروەردگار بەڕەحم و بەزەیی و میهرەبانە)(العبدي، 1981: 145). ئایەتێکی تر لە بارەی لێخۆشبوون بریتییە لە ((اعف عنا واغفرلنا وأرحمنا انت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين))(سورة البقرة/ ٢٣٧). واتا (لێیان خۆشبە، لە تاوانمان خۆشبە، ڕەحممان پێبکە، تۆ گەورەی ئێمەی، سەرمان بخە و سەرکەوتنمان بەسەر بێباوەڕەکاندا پێببەخشە)، لێرەدا داوای لێبووردن و لێخۆشبوونکردن لە پەروەردگار بۆ داپۆشینی گوناهەکان و ڕزگاربوون لەو ئازارەی ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە، کاتێک کردەوەیەکی سەرزەنشتکراو ئەنجامدەدات. لێرەدا لێخۆشبوون بەو واتاییە دێت، ئازارەکە لە گوناهبارەکە دادەماڵرێت و داوای لێخۆشبوون و داپۆشینی عەیب و گوناهەکانی دەکات)(العامري و حسن، 2018: 4).

هەروەها ئیمامی عەلی (درودی خوای لەسەر بێت) باسی داوای لێبووردنی کردوە و لەوبارەیەوە دەڵێت: ((إياك وما تعتذر منه، فأنه لايحتذر من خير)) لەم فەرمودەیە ئیمامی عەلی ئاماژە بەوە دەکات، داوای لێبووردن پێویستە و داوادەکات، داوای لێبووردن بکرێت، چونکە بریتییە لە چاکە، لە قسەکانی باس لەوە دەکات، کە هۆکاری داوای لێبووردن لە ئەنجامی کردە و قسەی ئەو تاکەیە کە کارێک یان تاوانێکی ئەنجامداوە، ئەو کارە لەگەڵ ئیمانەکەی یەکناگرێت، ئەو ئیماندارەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئیمانەکەی فەرمانی کردووە بە خۆبەدوورگرتن لە خراپە و ڕووکردن بۆ چاکەکردن. بەهەمان شێوە لە وتەیەکی تریدا سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی بیانوویەک، داوای لێبووردن لە کەسێک بەهۆی ئەنجامدانی هەڵەیەکەوە ئەگەری هەیە، ئەو شتە بەهەڵە لەلایەن ئەوەوە دەرچووبێت، کە مەبەست لێی توڕەکردنی کەسانی تر نییە، وەك دەڵێت: ((أقبل عذر اخيك، وإن لم يكن له عذر فالتمس لهعذرآ))، بە واتای ئەوەی پاساوهێنانەوەی براکەت قەبووڵ بکە، ئەگەر پاساوی نەبوو، بەدوای پاساوێك بگەڕێ بۆی. مەبەست لەم وتەیە لێخۆشبوونە لە کەسی بەرامبەر و گەڕان بەدوای پاساوێك، بۆ ئەوەی لێی خۆشبێت. (عبده،١٩٩٢:١٢) هەروەها لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د.خ) باس لە لێبووردن کراوە بۆ نموونە ((تعافوا تسقط الضغائن بينكم)) (العامري و حسن، ٢٠١٨: 3)، بەواتای ئەوەی یەکێک لە سوودەکانی لێخۆشبوون ئەوەیە تەمەنی مرۆڤ درێژدەکات، ئەوەی زیاتر لە خەڵک خۆشبێت، خودا تەمەنی درێژتر دەکاتەوە. لە فەرموودەیەکی تر دەفەرمووێت ((من عفا عن أخية المسلم عفا الله عنه)) (العامري و حسن، ٢٠١٨: 4). واتە: ئەوەی لە برا موسڵمانەکەی خۆشبێت، خودای گەورەش لێی خۆشدەبێت.

## 3/1) ڕەگەزە سەرەکییەکانی لێبووردن:

سەبارەت بە ڕەگەز و پێکهاتەی هەر لێبووردنێک، ئاماژە بەم خاڵانەی لای خوارەوە کراوە: (Deutschman, 2000: 44-47)

١- سەرپێچیکار (Offender): ئەو کەسەیە کە لە ئەنجامدانی چەندین پێشێلکاری بەرپرسیارە، یان هەست بە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکات، لە بەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامیداوە.

٢- پێشێلکاری (Offence): بریتییە لە پێشێلکارییەکی ڕاستەقینە یان پێشێلکارییەکی شاراوە، کە ئەنجامدراوە، یان بەتەنها پێشێلکارییەکی هەستپێکراو بێت.

٣- زوڵملێکراو/قوربانی (Offended): ئەو کەسەیە کاریگەریی خراپی لەسەر بووە، یان لەوانەیە کاریگەربێت، یان هەستدەکات، لەلایەن کەسی توندوتیژەوە کاریگەری لەسەر بووە.

٤- چارەسەر (Remedy): بریتییە لە تێگەیشتن و بەرپرسیاریێتی وەرگرتن لەسەر پێشێلکاری و  پەشیمانی لەو کارەی کە کردوویەتی نیشانبدات.

**4/1) لێبووردن پەیوەست بە کردەی قسەییەوە:**

یاسای قسەکردن لە داوای لێبوردن بریتییە لە پێداچوونەوە بە تیۆری کردەی قسەیی وەک پاشخانێکی تیۆری بۆ کردەی قسەیی داوای لێبوردن. ئەم تیۆرە مامەڵە لەگەڵ داوای لێبوردن دەکات وەک ڕەفتاری کردەی قسەیی، کە لە پێداچوونەوە بە پێناسە پراگماتکییەکانەوە دەستپێدەکات، کە لە توێژینەوە ئەزموونییەکان و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامدراوە، کە دەوترێت کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن و بەدیهێنانی داوای لێبوردن هەیە، تیۆری کردەی قسەیی بە لایەنێکی سەرەکی پراگماتیک دادەنرێت. ئەم تیۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێگایانە دەکات و بەهۆیانەوە وشەکان کردارەکان ئەنجامدەدەن، نەک تەنها مانا بگوازنەوە. تیۆری کردەی قسەیی لەلایەن "ئۆستن" لە ساڵی (١٩٦٢) ناسێندراوە و لەلایەن "سیرل"ەوە لە ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٥) پەرەی پێدراوە، ئۆستن لە ساڵی (١٩٦٢) لە کتێبی (چۆن شت بە وشە جێبەجێدەکەین) بڵاوکرایەوە، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات، کە چەندین دەربڕین هەیە، نە هەواڵە و نە وەسفی شت دەکات، بەمەش نە ڕاستە و نە هەڵەیە، بەڵکو دەربڕینی ڕستەکە ئەنجامدانی کارێکە، یان بە بەشێک لە ئەنجامدانی دادەنرێت. بۆ نموونە (من داوای لێبوردنم لە هاوڕێکەم کرد) بە وتنی ئەم ڕستەیە کارێک ئەنجامدراوە، کە بریتییە لە داوای لێبووردنکردن بەرانبەر هەڵەیەک کە کردویەتی، بەمپێیەش بە بڕوای "ئۆستن" زمان کردەیە نەک قسە(Ahmad, 2017: 73) . ئولشتاین و کۆهین لە ساڵی (١٩٨٣) پێیان وایە، کە لێبووردن وەک کردەیەکی قسەیی کاتێک پێویستە ئەنجامبدرێت، کە هەندێک ڕەفتار بووەتە هۆی پێشێلکردنی فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پێیان وایە، داوای لێبوردن کردەیەکی دوولایەنەیە، بەو واتایەی دوو بەشداربوو هەن، یەکێکیان هەستدەکات، کە زوڵملێکراوە و خۆی بە شایستەی قەرەبووکردنەوە و داوای لێبووردنکردن دەزانێت، ئەوی دیکەیان کەسی سەرپێچیکارە، بەرپرسیارە لەو کارەی کە کردویەتی(Darwish, 2014: 10). تیۆری کردەی قسەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەربڕینە زمانەوانییەکان تەنها واتای ڕاستەوخۆی وشەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی کۆمەڵێک هۆکار و دەوروبەر دەگۆڕێت(تۆفیق، 1995: 39)، هەروەها لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک بارودۆخی تر کە کاردەکاتە سەر مانای دەربڕین و هێزەکەی، بە واتایەکی تر لەبری ئەوەی گرنگی بە ڕستە بدرێت، گرنگی بە دەوروبەر دەدرێت(Lynos, 1979: 209). تەنانەت ئەم تیۆرە ئێستا بە شێوەیەکی فراوان لە زمانەوانیدا بۆ پەسەندکردنی دیمانەیەک، کە ڕۆڵی گوتنەکان شیدەکاتەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەفتاری قسەکەر و گوێگر، کە لە پەیوەندییە کەسییەکاندا بەکاردێن (Crystal, 2003: 427). واتە ((دیمانەیەکە هەموو قسەیەک بە ئەنجامدانی کارێک دادەنرێت، ئۆستن پێیوایە زمان هەر ئاخاوتن نییە، بەڵکو کردەشە، بە شێوەیەکی گشتی کردەی قسەیی یان هەرگوتنێک چەندان کردەی تر لەخۆدەگرێت، کە قسەکەر دەیەوێت جێبەجێیان بکات، وەک (هەواڵی، پرسکردن، داخوازی، فەرماندن، ئاواتخواستن، هەڕەشەکردن، گلەیکردن، جنێودان، توانجلێدان، ئیهانەکردن، پۆزشهێنانەوە، پاڕانەوە، تکاکردن، پیرۆزباییکردن، داواکاری، ...هتد). بێگومان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەک دەبێت زەمینەیەکی لەبارو گونجاو بۆ دروسبێت))(مەعروف، ٢٠١٢: ٨٨)، لەم بارەیەوە ((فەیلەسووفی ئەمریکی سیرل کردەی قسەیی بۆ پێنج جۆر دابەشدەکات، ئەوانیش: فەرماندان، بڕیاردان، هەستدەربڕین، پەیماندان، جەختکردنەوە))(دزەیی، ٢٠١١: ٥٦). مەبەست لە تیۆری کردەی قسەیی ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکان و ئاڵوگۆڕی زمانە لەسەر قسەکردن و گوێگرتن. ئۆستن کردەی قسەیی بۆ دوو جۆر پۆلێندەکات، ئەوانیش (کردەی ڕاپەڕاندن) و (کردەی ڕانەپەڕاندن).

١- کردەی ڕاپەڕاندن (Performative): هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە هاوکات لەگەڵ دەربڕینی گوتراوەکاندا کردەکە جێبەجێدەکرێت، جا لەکاتی قسەکردنەکەدا بێت یان پاش قسەکردن، هەروەک لەکاتی پەیماندان، سوێندخواردن، سوپاسکردن، تەڵاقدان، بڕیاردان. لەم کردانەدا کات و شوێن لە دەمی گوتندا لە گوتراوەکە ئاوێتەیە. بۆنموونە:

دادوەر لەکاتی دادگایکردندا دەڵێت: بڕیارماندا تاوانبار بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانی بکرێت. (بڕیاردان/ ڕاپەڕاندنی ئاشکرا).

پەیماندەدەم لەگەڵت باشبم. (پەیماندان/ ڕاپەڕاندنی ئاشکرا).

سوپاستدەکەم بۆ یارمەتیدانت. (سوپاسکردن/ ڕاپەڕاندنی ئاشکرا).

کردەی ڕاپەڕاندن دەکرێت بە دوو بەشەوە، ئەوانیش:

ا- کردەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا.

ب- کردەی ڕاپەڕاندنی شاراوە (نائاشکرا).

ا- کردەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا: ئەو کردانە دەگرێتەوە لەگەڵ دەربڕیندا کردارێکی ڕاپەڕاندن بەکاردەهێنرێت، وەک (پیرۆزبایکردن، سوێندخواردن، نەفرەتکردن، ...هتد)، بۆ نموونە:

پیرۆزتان بێت، تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ یەکبن. (پیرۆزباییکردن/واتای ئاشکرا)

سوێند دەخۆم، جگەرەناکێشم. (سوێندخواردن/ واتای ئاشکرا). (سەعید، 2013: 30)

ب- کردەی ڕاپەڕاندنی شاراوە (نائاشکرا): بریتییە (لەو کردانەی، لەکاتی گوتندا جەخت دەخرێتەسەر بۆتەی ڕێزمانی و بەکارهێنانی ئاوازە، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستەکە بە گوێگر نادات، هەروەها ئەم کردانە هەڵگری خەسڵەتی ڕاستوهەڵە نین، بەڵکو ئەوەی ئەنجامدەدرێت، زیاترە لەوەی دەگوترێت)(ئەحمەد، 2008: 69). بۆ نموونە:

سبەینێ لەگەڵم دێیت بۆ زانکۆ. (داواکردنە، نەک پرسیار)

بەیانی لەگەڵم دێیت بۆ ئاهەنگەکە! (بەهۆی ئاوازەوە سەرسوڕمانە)

٢- کردەی ڕانەپەڕاندن (constative): مەبەست (لەو کردانەیە، لەکاتی گوتندا ڕاستەوخۆ کردارەکە جێبەجێناکرێت، پێچەوانەی مەرجەکانی کردەی ڕاپەڕاندنە)(سەعید، 2013: 31). بۆ نموونە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوێندکارە یەکەمەکانی پۆلی دوانزدە خەڵاتدەکات.

بەڕێوەبەری قوتابخانە، سزای هەموو ئەو مامۆستایانە دەدات، کە دەوام ناکەن.

لێرەدا (سزادان و خەڵاتکردن) ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەربڕینیان کردارەکە جێبەجێناکەن، بەمەش پێچەوانەی کردەی ڕاپەڕاندنە، کەواتە دەتوانین بڵێین (کردەی ڕاپەڕاندن و ڕانەپەڕاندن) بە دوو کرداری سەرەکی ئاخاوتن هەژماردەکرێن، کاری ڕانەپەڕاندن لەو قسەکردنە پێکدێت، کە بڕیار لەبارەی ڕاستییەوە دەدات، لەم جۆرە ئاخاوتنەدا ئەگەر لە کارو ڕەفتاردا ڕۆڵنابینێت.

لە لایەکی دیکەوە کردەی ڕاپەڕاندن لە وتارێک لەسەر بنەمای چێژ پێکدێت، یان کردە و ڕەفتارەکانیان هەڵدەسەنگێندرێت. ئەم دوو جۆرە کردەی قسەیی بە بنچینەی زمانی هەژماردەکرێت، کە دەبنە هۆی لێکدانەوەی کۆیرانەی زمان) (Austin, 1962: 148).

ئۆستن داوای لێبووردن بە بەشێک لە کردەی ئاخاوتن دادەنێت و دەڵێت: (کردارەکان مانای پێچەوانە دەگەیەنن، مەبەستیش لە نمایشیکردارەکان بۆ ئەنجامدانی هەندێک کردەیە. هەروەها کردەوەکان بەگرنگ دەزانێت، هەر بۆیە ئەمە دەکەوێتە ژێر پۆلێک لە

هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە. لە ڕووی تیۆریشەوە ئەم کارە گرنگییەکی جیاوازی هەیە و کارپێکردن و بەکارهێنانیشی تاڕادەیەکی زۆر بەسوودە. ئەم تێورە یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکاری کردەی لێبووردن و دەشڵێت داوای لێبووردن بریتییە لەو وشە و لێدوانانە لەسەر قەنەفە نراوە، لە سەرەتادا کردەوەکانیان و مەبەستیان چیبووە، پاشان ئارەزوودەکەن، بە دوای ئەو کردەوەدا بگەڕێن، کە بووەتە هۆی تووڕەکردنی کەسی بەرامبەر و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک سەبارەت بە لێخۆشبوون) (Almegren, 2018: 145). لەگەڵ ئەوەشدا (داوای لێبووردنکردن دەچێتە ناو کردەی دەربڕینی هەست، ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری لە پەیوەندییەکانی مرۆڤدا هەبووە، وەک کردەی قسەیی بۆ پاراستی سەروچاو یان کەرامەتی بەرانبەر، هەر بۆیە گرنگە بزانین داوای لێبووردن چییە و چۆن بەکاریدەهێنین، ئەمەش وادەکات، کردەی داوای لێبووردن بە چارەسەری کردەی قسەیی ئەژماربکرێت. دەشتوانین بڵێین هەندێک قسەکەر لە ڕێگەی ئەم کردەیەوە هەوڵدەدات، سەروچاو و ڕووخساری خۆی بەرامبەر ئەو کارەی کردویەتی، بپارێزێت)(Searle, 1969: 19) . (کوهین و ئولشتن) ڕوونیدەکەنەوە، (داوای لێبووردن وەک کردەیەکی قسەیی لە نێوان دوو بەشداربوودا ڕوودەدات، کە تیادا یەکێک لە بەشداربووان چاوەڕێی ئەوە دەکات، یان هەستدەکات، شایەنی قەرەبووکردنەوە یان ڕوونکردنەوە بێت، بەهۆی ئەو تاوانەی بەرامبەری ئەنجامدراوە، لەم بارودۆخەدا یەکێک لە بەشداربووان ئازادە داوای لێبووردن بکات یان نەخێر، دانان بە بەرپرسیارێتی یان توندوتیژیدا بنێت یان نەخێر، لەبەر ئەوەی داوای لێبووردنکردن لەمبارەدا ڕۆڵێکی کاریگەر و خاڵێکی گرنگی ڕەوشتبەرزی دەنوێنێت)(Cohen and Olshtain, 1983: 20) . لە لایەکی ترەوە (هەندێکجار کرداری ئاخاوتنی داوای لێبووردنکردن بۆ سوپاسکردنی کەسی بەرامبەر بەکاردێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک یارمەتی کەسێکیتر بدات. وەک ئەوەی پەرداخێک ئاوی پێبدات، دەستی بگرێت و لە زەوی هەڵیبگریت، پێڵاوەکانی لە بەردەم دابنێیت... بەتایبەتی ئەگەر ئاستی کۆمەڵایەتییان وەکویەک بێت، یان لەیەکەوە نزیکبن، ئەم جۆرە لێبووردنانە لەکاتی ئاخاوتندا بەکاردێن، وەک (نانا ببوورە، نا توخوا وامەکە، ببوورە ببوورە، لە کەموکورتمان ببوورە، ...هتد)، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، مەرج نییە، هەموو کات داوای لێبووردن لەو کاتەدا بەکاربێت، کەسێک هەڵە یان سەرپێچیەکی کردبێت، بەڵکو هەندێک کات داوای لێبووردن بۆ کەسێک بەکاردێت، کە کارێکی باشی ئەنجامداوە، یان بۆ سوپاسکردن بەکاردێت)(عوسمان و عەلی، 2018: 153).

کردەکانی قسەیی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**١- کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ.**

**٢- کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ.**

**١- کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:-** بەهۆی فۆرمی زمانەوە کردەکە جێبەجێدەکرێت، یان ئەو کردارەیە ڕاستەوخۆ مانای وشەکە لە دەربڕینەکەیەوە دەردەکەوێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەڵێت: داوای لێبوردن دەکەم، قسەکانتم پچڕاند. لەم ڕستەیەدا داوای لێبووردن ڕوونە، ناتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، ڕاستە یان درۆیە، چونکە کردارەکە بە شێوەیەکی ڕوون دەربڕاوە.

**٢- کردەی قسەکردنی ناڕاستەوخۆ:-** بریتییە لەو کردە قسەییانەی کە پێویستیان بە بیسەر/ خوێنەر هەیە، لەم بارەدا مانای وشەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو ماناکان بەپێی ئەو دۆخەی قسەکەی تیادا کراوە، دەردەکەوێت. واتە لە پشت فۆرمە زمانییەکەوە مەبەستی کردەکە دەگەیەنرێت، بۆ نموونە:- کەسێک بڵێت مەبەستم ئەوە نەبوو. لەم وتەیەدا دیارە قسەکەر کەسێکی تووڕەکردووە و دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای لێبووردنی لێبکات)(Alrshoadi, 2020: 1536) . بەم پێیەش داوای لێبووردن دەکەوێتە ژێر کردەی دەربڕینی قسەکردن، تیایدا قسەکەران هەوڵدەدەن، ئاماژە بە دۆخ یان هەڵوێستی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی داواکەیان کاریگەری هەبێت، پێویستە هەستی ڕاستەقینە لە گوتنەکەیاندا ڕەنگبداتەوە. مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر داوای لێبووردن لە کەسێکی دیکە بکات، ئەگەر هەستێکی ڕاستگۆیانە لە خەم و پەشیمانی بۆ هەر کارێک نیشانەدات، کە کردوویەتی) (Bataineh, 2006: 33). هەروەها دەتوانرێت (داوای لێبووردن وەک جۆرێک لە چاکسازی سەیربکرێت، کە بریتییە لە دابەشکردنی خودی قسەکەر بۆ دوو بەش، یەکێکیان تاوانبارە بەهۆی ئەوەی بیسەری تووڕەکردووە، ئەوی دیکەیان خۆی لەگەڵ بیسەرو فۆرمە پێشێلکراوەکاندا ڕێکدەخات)(Lakoff, 2001: 161) .

### 5/1) ستراتیژیەتەکانی لێبووردن (Strategies of apology):

بۆ ئەنجامدانی کردەی لێبووردن، کە تاوانبار هەست بە پێویستی داوای لێبووردن دەکات، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەندێک ستراتیژیەتی لێبوردن بەکاربهێنرێت. ئەم ستراتیژییەتانەی داوای لێبوردن بەمەبەستی پاراستنی پەیوەندی و کەمکردنەوەی تاوانەکەیە بۆ کەسی تووڕە، یەکێک لە کاریگەرترین بۆچوونەکان لەسەر پۆلێنکردنی لێبووردن بۆچوونەکەی (گوفمان)ە، کە (تیایدا دوو جۆر قەرەبووکردنەوە دەخاتەڕوو، ئەویش (جەوهەری و ڕێوەڕەسمی)یە، لە داوای لێبووردنی جەوهەریدا، قسەکەر دەیەوێت چارەسەری ئەو زیانانە بکاتەوە، کە بەهۆی تاوانەکەیەوە تووشیبووە، لە کاتێکدا داوای لێبوردنی ڕێوەڕەسمی وەک جۆرێک لە خو، کە پێوەندیی بە هەندێک ڕۆتینەوە هەیە، یان کاتێک وەڵامدەرەوە لەو هەڵەیە بەرپرسیار نییە، کە ئەنجامیداوە) (Goffmon, 1972: 192). پۆلێنکردنێکی دیکەی داوای لێبوردن لەلایەن (ئەلزومور)ەوە پێشنیازکراوە. ئەویش ستراتیژیەتی داوای لێبوردن دەکات بە دوو بەشی سەرەکییەوە، کە ئەمانەن:- (Al-Zumor , 2003: 102)

**١- داوای لێبووردنی ڕاستەوخۆ (Direct Apology).**

**٢- داوای لێبووردنی ناڕاستەوخۆ (Indirect Apology).**

**به شێوەیەکی گشتی ستراتیژیەتەکانی لێبووردن بریتین لە: (Al Quraishy , 2011: 5)**

**یەکەم/ ستراتیژیەتی ڕاستەوخۆ (Direct Strategy).**

**دووەم/ ستراتیژیەتی ناڕاستەوخۆ (Indirect Strategy).**

**سێیەم/ ستراتیژیەتی وازهێنان لە دەرەوە (Opting out Strategy).**

**چوارەم/ ستراتیژیەتی خۆدزینەوە (Evasive Strategy).**

#### یەکەم/ ستراتیژییەتی ڕاستەوخۆ:-

بریتییە لە ڕاستەوخۆ داوای لێبووردنکردن و وشەی (ببوورە، بم بەخشە) بەکاردێت. (لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسی زیانلێکەوتوو داوای لێبووردنێکی دەستبەجێ لە ڕێگەی جێبەجێکردنی (ئامێری کاریگەریی دەربڕینی هێزی ئاشکرا) (Illocutionary Force Indicating Device) (IFID)بەکاردەهێنرێت. لەم بارەیەوە (کیتاو) دەڵێت: (بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی لێخۆشبوون وەک کردارێکی قسەکردن دەبێت بە ئامێری هێزی دەربڕینی ئاشکرا لەگەڵ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بەسترابێت). (Kitao and kitao, 2013: 2)

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک دەربڕینی واتای داوای لێبوردن هەیە، ئەو دەربڕینانەش پێکدێت لە:

((عوسمان و عەلی، 2018: 159) لە (Fareeq, 2014: 132 ) وەرگیراوە)

١- داوای لێبوردن دەکەم: ئەم جۆرەیان بە یەکێک لە ستراتیژیەتە فەرمییەکانی زمانی کوردی دادەنرێت بۆ پێشکەشکردنی داوای لێبووردن.

٢- ببەخشە، لێمخۆشبە: یەکێکە لە دەربڕینەکانی لێبووردن، کە بەهۆیەوە قسەکەر هەوڵدەدات، گوێگر لێی خۆشبێت.

٤- ببووره: له زمانی کوردیدا به دەربڕینێکی نافەرمی دادەنرێت.

٥- عەفومبکە: ئەم دەربڕینە یەکێکە لەو دەربڕینە ڕاستەوخۆیانەی داوای لێبووردن، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە.

٦- گەردنی من ئازادبکە: ئەم ستراتیژیەتە وەک دەربڕینێکی ئاینی وەرگیراوە و لەلایەن کورد زمانەکانەوە بەکاردێت.

٧- لە دڵەوە داوای لێبووردن دەکەم، زۆر داوای لێبووردن دەکەم: ئەمەیان دەربڕینێکی تری داوای لێبووردنە و لە زمانی کوردیدا زیاتر بەکاردێت.

٨- ئومێدەوارم تۆم بێزارنەکردبێت (Al Adaileh, 2007: 48): ئەم دەربڕینە بە داوای لێبووردنێکی سەرزارەکی لە زمانی کوردیدا دادەنرێت.

**دووەم/ ستراتیژیەتی ناڕاستەوخۆ:-**

ستراتیژیەتی لێبووردنی ناڕاستەوخۆ بریتییە لە دانان بە بەرپرسیارێتی، کاتێک قسەکەر دان بە تاوانەکەی دادەنێت و بەرپرسیارێتی تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەم ستراتیژییەتەش دەکرێت بە چەند بەشێکەوە ئەمانەن:-

١- (خۆ تاوانبارکردن (ڕازیبوون بە تاوان): لێرەدا قسەکەر خۆی بە تاوانبار دەزانێت، وەک (خەتای من بوو)، (هەڵەی من بوو).

٢- مەبەست نەبوون (نەبوونی مەبەست): مەبەستم ئەوە نەبوو، نەمدەویست وابێت.

٣- خۆ بە کەم زانین: سەرم لێشێواو بوو، من باش نیم لە شۆفێریکردن.

٤- نیگەرانی بۆ بیسەر: هیوادارم تۆم ئازار نەدابێت، ببوورە گەرتۆم نیگەران کردبێت.

٥- دانان بە سەرپێچی: دان بەوەدا دەنێم، کە من پەنجەرەکەم شکاند، دان بەوەدا دەنێم، کۆبونەوەکەم لەبیرکردووە).(Afghari, 2007: 179)

٦- (ڕوونکردنەوەی دۆخەکە: دەربڕینێکە باس لە هۆکاری هەڵەکەی دەکات، کەسەکە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی کەمکردنەوەی هەڵەکەی دەدات بە پێدانی ڕوونکردنەوەی دۆخەکە، بۆ نموونە کاتێک کەسێک درەنگ دەکەوێت بۆ کۆبوونەوەیەک، ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت:

ببوورن، قەرەباڵغی هاتوچۆ هەبوو، دواکەوتم.

ببورە پاسەکە دواکەوت.

ببوورە ئۆتۆمبیلەکەم تێکچووبوو.

٧- پێشنیاز بۆ چاککردنەوە: کاتێک تاوانبار پێشنیازی چاککردنەوەی کێشەکان دەکات، دەیەوێت ئەوەی کردویەتی چاکی بکاتەوە. لەم بارودۆخەدا ڕەنگە چاککردنەوە بە مانا وشەیەکەی پێشکەشبکرێت، یان وەکو ئۆفەرێک بۆدانی زیانەکان، لێرەدا داوای لێبووردنکەر دەبێت جۆرێک لە کردەوەی قەرەبووکردنەوە یان باج بە سکاڵاکەر بدات). (Wofson and Judd, 1983: 22) بۆ نموونە:

من پارەی گوڵدانە شکاوەکە دەدەم.

من زیانەکە قەرەبوودەکەمەوە.

٨- (بەڵێندان بە دووبارە ڕوونەدانەوە: لەم بارەدا هەندێک دەربڕین بەکاردێت، بۆ ئەوەی بەڵێن بە کەسی زوڵملێکراو بدرێت، کە لە داهاتوودا ئەو ڕووداو و ڕەفتارانە دووبارەنەبنەوە. بۆ نموونە:

داوای لێبووردن دەکەم، درەنگ هاتم، دوبارە نابێتەوە.

جارێکی تر ڕوونادات‌ەوە، بەڵێندەدەم.

٩- گرنگیدان بە کەسی بەرامبەر: بریتییە لە ئارامکردنەوەی سکاڵاکەر و کەمکردنەوەی ئەو ئازارەی بەرامبەری کراوە، تاوانبار هەندێکجار پرسیاری ئەوە دەکات، کە چۆنە؟ بۆ نموونە:

ئایا هەست بەباشبوون دەکەیت؟ ئایا تۆ باشیت؟

١٠- لۆمەکردنی خود: بریتییە لەوەی کاتێک کەسەکە هەستدەکات، هەڵەیەکی بەرامبەر کەسێک کردووە، ئەوکات هەست بە تاوانەکەی دەکات و لۆمەی خۆی دەکات. بۆ نموونە:

من کەسێکی خراپم، من کارێکی خراپم ئەنجامدا و شایەنی سزادانم.

١١- پاساوهێنانەوە بۆ بیسەر: بریتییە لە پاساوهێنانەوە بۆ ئەو هەڵەیەی کە ئەنجامیداوە. ئەمەیش کاتێک دەبێت، کە قسەکەر هەست بە هەڵەی خۆی بکات). ( Cendar, 2017: 217) بۆ نموونە:

ڕاستدەکەی، حەق بە تۆیە.

هەندێکجاریش خەڵکی دوو یا سێ جۆری داوای لێبووردن لە کاتی قسەکردندا تێکەڵ بەیەک دەکەن، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر چڕکردنەوەی کردەی قسەکردن و داوای لێبووردنکردن، بە واتایەکی تر بەمەبەستی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و چاککردنەوەی ئەو زیانانەی کە گەیاندویەتی، بۆ ئەم مەبەستەیش هەندێک جۆری داوای لێبوردن تێکەڵ بەیەک دەکەن و بەکاریدەهێنن، بۆ نموونە: (ببورە هەڵەی من بوو، بەڵێندەدەم، دانەیەکی نوێت بۆ بکڕم). (Afghari, 2007: 180)

**سێیەم/ ستراتیژیەتی وازهێنان:**

ئەم ستراتیژیەتە بەکاردێت، کاتێک تاوانبار بەرپرسیارێتی تاوانەکە ڕەتبکاتەوە، هەست بەو تاوانە نەکات، کە ئەنجامیداوە. ئەمەیش دەبێت بە چەند بەشێکەوە:-

١- (ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی بەرپرسیارێتی: بەڕوونی تاوانبار هەموو لێدوانەکانی سکاڵاکەر ڕەتدەکاتەوە، هیچ بەرپرسیارێتیەک لەئەستۆ ناگرێت، بۆ نموونە:

من هیچ لەو بارەیەوە نازانم.

٢- نکۆڵی ناڕاستەوخۆ لە بەرپرسیارێتی:- ڕەنگە کەسەکە بە پشتگوێخستنی لێدوانەکانی سکاڵاکەر هەوڵی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بدات ، بۆ نموونە:

پێموانییە، ئەوە خەتای من بێت.

٣- پاساوهێنانەوە:- سکاڵالێکراو هەندێک ئارگۆمێنت دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی دڵنیایی بدات، کە ناتوانرێت تاوانبارکرێت) (Holmes, 1990: 181)، بۆ نموونە:

دوێنێ کارەکەم تەواوکردووە، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە، بتوانێت تاوانبارم بکات.

٤- (تاوانبارکردنی کەسێکی تر: لەم جۆرەدا، سکاڵالێکراو کەسێکی دیکە وەک لایەنی سێیەم یان سکاڵاکەر تاوانباردەکات، بۆ نموونە:

ئەوە من نەبووم، لەوانەیە تۆ بەمەبەست من تاوانبارم بکەیت.

٥- هێرشکردنە سەر سکاڵاکەر:- سکاڵالێکراو بەجدی هێرش دەکاتە سەرسکاڵاکەر، بەتایبەت کاتێک سکاڵالێکراو ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات). ( Trosborg, 1985: 38)، بۆ نموونە: هەمووی تاوانی تۆیە بەهۆی کردەوەکانت، هەڵەم بەرامبەر کردی.

**چوارەم/ ستراتیژیەتی خۆدزینەوە:-**

ئەمەیش (بە کەمکردنەوەی پلەی تاوان دەبێت، سکاڵالێکراو بەرپرسیاریێتی خۆی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام هەوڵدەدات، کەمتر هەڵەبکات بە خستنەڕووی هەندێک ئارگۆمێنت و پرسیارکردن و تاوانبارکردنی کەسێکی تر.

١- پرسیارکردن: بریتییە لە پرسیارکردنی سکاڵاکەر، بۆ نموونە: سکاڵاکەر پرسیاردەکات و دەڵێت: (تۆ خۆشت ناوێم؟) سکاڵالێکراو داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت: (ببوورە خۆشەویستی چییە؟).

٢- تاوانبارکردنی کەسێکی تر: سکاڵالێکراو کەسێکی دیکە تاوانباردەکات، دەڵێت: پێمواپە کەسێکی دیکەیش بەرپرسیارە لەم کێشەیە).(Al-Quraishy, 2011: 8)

**6/1) کردەی لێبووردن پەیوەست بە جۆرەکانی تاوانەوە:-**

بەگشتی (کردەی لێبووردن لە ئەنجامی تاوانێکی دیاریکراو ڕوودەدات، تاوانەکان یان شتە پەشیمانییەکان ئەوەیە، کە داوای لێبووردن پابەنددەکات، کە بە چ شێوازێک دەربڕرێت) (Coalmas, 1981: 71). هەروەها باس لەوەیش دەکرێت (جۆری داوای لێبووردن بەپێی سروشت و توندی تاوانەکە دیاریدەکرێت، کە ئەنجامدراوە. بۆ نموونە: پچڕانی قسەکانی کەسێک لەکاتی قسەکردندا، ڕەنگە بێتە هۆی داوای لێبوردنی جیاواز لەو داوای لێبوردنەی، کە لە دوای لێدانی کەسێک و ئازاردانی، داوای لێبووردنی لێدەکرێت)(Deutchmann, 2003: 265) .

توێژەران پێیان وایە، داوای لێبووردنکردن پەیوەستە بە توندی ئەو هەڵە یان ئەو تاوانەی، کە کەسەکە ئەنجامیداوە. بەم پێیە تا تاوانەکە توندتر بێت، داوای لێبووردن بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت. توێژەران هەریەکەیان بەشێوەیەک جۆرەکانی تاوانیان پۆلێنکردووە، بۆیە لێرەدا چەند پۆلێنکردنێکی ئەو توێژەرانە دەخەینەڕوو:

(هوڵمز) لە ساڵی (١٩٩٥) تاوانەکانی بۆ چەند جۆرێک پۆلێنکردووە، ئەم پۆلێنکردنەش بەپێی ئاستی جیاوازی قورسایی تاوانەکان خراوەتەڕوو، کە ئەمانەن (Ahmad, 2017: 94):-

١- تاوانە سووکەکان (Light Offense) :- بریتییە لە پێدانان لە پەنجەی قاچی کەسێک بەبێ مەبەست، لەبیرکردنی پەیوەندیکردن بە خۆشەویستەکەت، ونکردنی پێنووسی هاوڕێکەت، ...هتد. هەموو ئەمانە بە تاوانی سووک دادەنرێت.

٢- تاوانە مامناوەندەکان (Medium Offense):- دواکەوتن بۆ پۆل، هێشتنەوەی کەسێک لە چاوەڕوانی بەبێ مەبەست، لەبیرکردنی نووسینی ئەرکی ماڵەوە، ...هتد.

٣- تاوانە توندەکان (Seve Offense) :- بریتییە لە زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی کەسێک، وەک: ئۆتۆمبێل، کۆمپیوتەر، بەهەڵە تاوانبارکردنی کەسێک بە شتێکی جدی لە بەردەم خەڵکدا.

٤-تاوانە بەهێزەکان (Strong Offense) :- بۆ نموونە: شکاندنی قاچی کەسێک لە شەڕێکدا، سوکایەتیکردن بە کەسێک لە گفتوگۆیەکی گشتیدا، ...هتد.

"هوڵمز" لە ڕێگەی ئەم پۆلێنکردنەوە هەوڵدەدات، جۆرو سروشتی داوای لێبووردن و پەیوەندی لەگەڵ ئاستی قورسایی تاوانەکە دەستنیشانبکات، کە ئەنجامدراوە. لێرەدا پشتی بە بۆچوونی (براون لیڤنسۆن)ی ساڵی (١٩٨٧) بەستووە، بەوەی داوای لێبووردن دەبێت بەپێی پێشێلکاری کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەو پۆلێنکردنەی "هوڵمز" هەوڵێکە بۆ پەسنکردن و بەراوردکردنی جۆرەکانی تاوان لەگەڵ یەکتری. ئەوجۆرە تاوانانەی کە "هۆڵمز" دەستنیشانی کردوون، تەنیا پێوەرێکە، ئامرازێک نییە بۆ ئەوەی ئاستی سەرپێچی ڕوونبکاتەوە. لە کۆتاییدا، بەکارهێنانی ئەم پۆلێنکردنە پشت بەو باوەڕە دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان باوبووە، کە دەڵێت: تا مەودای کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەران زیاتر بێت، دەبێ ئەدەبی زیاتر بەرامبەر بە کەسەکە بەکاربێت. بەم پێیە، ئەو گریمانە گشتییەی دەتوانرێت لە تەرازووەکانی پۆلێنکردنی تاوانی هۆڵمزەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە تا تاوانەکان توندتربێت، داوای لێبووردن دەبێت ئاڵۆزتر و بەئەدەبتر ئەنجامبدرێت. بە شێوەیەکی گشتی پێیوایە، کە پێشلکارییە توندەکانی پێویستی بە داوای لێبوردنی ئاڵوز هەیە، لە کاتێکدا تاوانی سووک یان مامناوەند دەتوانرێت بە فۆرمێکی ئاسایی و کورت یا سادە داوای لێبووردن بکرێت). (Ahmad, 2017: 95)

"هەروەها "هولمز" لە پۆلێنکردنێکی دیکەی لەگەڵ "ئایجمێر"، تاوانەکان بۆ شەش جۆری سەرەکی پۆلێندەکەن، کە بریتین لە: (ناڕەحەتی، مەودا، قسەکردن، کات، خاوەنداریێتی لەگەڵ هەڵە کۆمەڵایەتییەکان). (Holmes, 1990: 178) (Aijmer, 1996: 164) . پاشان "دوێچمان" بەسوودوەرگرتن لە پۆلێنکردنەکانی "هولمزو ئایجمێر" چەند پۆلێنکردنێکی خستووەتەڕوو، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (Doutchmann, 2003: 266)

١- ڕووداوەکان: ئازاردانی کەسێک بەبێ مەبەست، بەریەککەوتنی کەسەکان لە ڕێگادا.

٢- هەڵە و تێنەگەیشتن: هەڵەتێگەیشتن لە کەسێک، هەڵەکردن.

٣- پێشێلکردنی چاوەڕوانییەکان: بریتییە لە کەمبوونەوەی ئۆفەرەکان، لەبیرکردنی داواکارییەکان، نەهێشتنەوەی ڕێکەوتنەکان، کەموکورتییە کەسییەکان.

٤- گرنگینەدانی بارودۆخ: پچڕانی پەیوەندییەکان، چاوپۆشیکردن لە کەسێک، گرنگینەدان، لەبیرکردنی ناوێک، دواکەوتن، وەرگرتنی شتێک بەبێ مۆڵەت، تاوانی تابوو، ئازاردانی هەستی کەسێک، ڕۆیشتن بە شێوەیەکی نەگونجاو.

٥- تاوانەکانی قسەکردن: خلیسکانی زمان، لادان، دوودڵی، لەبیرکردنی باسکردنی شتێک، ناڕوونی لە دەربڕین.

٦- خوڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لە کۆکە، پژمین، پاککردنەوەی قوڕگ، پێکەنین بە دەنگی بەرز و بەبێ مەبەست.

٧- تاوانەکانی بیستن: تێنەگەیشتن، باوەڕنەکردن بە گوێی مرۆڤ.

٨- ئەو تاوانانەی بریتین لە پێشێلکردنی کۆدەنگی: ناڕازیبوون یان دژایەتیکردن، سەرزەنشتکردن، ڕەتکردنەوە، ئینکاریکردن، تۆڵەکردنەوە، پێداگیری کردن.

## 2) چەمک و سەرهەڵدانی پاساوهێنانەوە:

### 1/2) پاساوهێنانەوە (ناساندن و شیکردنەوە):

پاساوهێنانەوە تیۆرێکی زمانییە و لەو پاساوانە دەکۆڵێتەوە، کە لەناو زماندا بەکاردێت. ئەم کردەیە (بە ئەرکێکی بنەڕەتی زمانە سروشتییەکان دادەنرێت، لە زماندا بەهۆی چەند ئامراز و هۆکارێکەوە دروستدەبن. ئەم تیۆرە سەرەتا بە بەشێک لە تیۆری کردەی قسەیی "ئۆستن" دادەنرا، بەڵام زمانەوانان پێناسەیەکی تر بۆ ئەم چەمکە دەکەن، کە بریتییە لە چەند ڕستە و دەربڕینێك، بەڵگەی زمانی و ڕەوشتی نازمانی لەخۆدەگرێت و ئامانجی گەیاندنی بۆچوونێکی دیاریکراو و ڕازیکردنی بەرامبەرەکەیەتی. لە کوتندا زاراوەی پاساوهێنانەوە لای زمانەوانی فەرەنسی "ئۆزفاڵد دیگرۆ" بە چەند شێوەیەک خراوەتەڕوو:-

١- واتای زاراوەیی: بریتییە لە هێنانەوەی پاساوێک بۆ وروژاندنی بەرامبەرەکەی و بەدەستهێنانی گوتەیەکی چالاک و سەرکەوتوو، لەگەڵ ئەوەیشدا بە پێوەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی خەسڵەتەکانی پاساوهێنانەوە لە ئاخاوتندا)(صابر الحباشية، 2008: 21).

٢- واتای هونەری پاساوهێنانەوە: ئاماژە بە پۆلێکی تایبەت لە پەیوەندییە لاوەکییەکان لە گوتندا دەکات و پەیوەندییەکی واتایی و خەسڵەتێکی بنچینەیی لەگەڵ پاساوهێنانەوەکەی ناو زمانەکەدا بەدیدەکرێت. ئەم پاساوهێنانەوەش دەبێت پلەدار بکرێت و توانای پێوانەکردنی هەبێت، تا لە نێو پلیکانەکانی تردا بەردەوام بێت. لەم جۆرە پاساوهێنانەوەیەدا دەردەکەوێت، ئاراستەکردنی پاساوهێنانەوەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ زمانەکەدا هەیە(سەرچاوەی پێشوو: 22). بۆ نموونە کاتێک چاوەڕوانی خوانێک دەکرێت و خواردنەکە ئامادە نییە، بۆیە کەسەکە ناچاردەبێت لە بەرانبەردا پاساوبهێنێتەوە، وەک:

خواردنەکە زۆر کەمی ماوە بکوڵێت.

خواردنەکە هێندەی نەماوە ئامادەبێت.

دەتوانین بڵێین پاساوهێنانەوە بریتییە لەو کارەی کە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەیەک بەکاردێت، کە قسەکەر بەرامبەر گوێگر ئەنجامیداوە، لەم بارەیەوە "سێریل" پێیوایە ((کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک داوای لێبوردن دەکات، لە کردنی ئەو کارە داخ و پەشیمانی دەردەبڕێت. قسەکەر بە ئەو پاساوهێنانەوەیەی وادەکات، ئەو کارەی کردویەتی وەک کارێکی بەئاشکرا و کارێکی نەگونجاو یان سنووربەزاندن بناسرێت. بەمشێوەیە کردەی پاساوهێنانەوە کاتێک ڕوودەدات، ئەگەر قسەکەر پێیوابێت، کارێکی لە پێش کاتی دیاریکراوی قسەکردندا ئەنجامداوە و بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکی خراپ لای کەسی بەرامبەر دروستبکات، بەمەیش قسەکەر هەست بە پەشیمانی و هەڵە دەکات، جا بێت یان درۆ بێت، بەمەیش ڕەفتاری کارە هەرەشە ئامێزەکان خاودەکاتەوە. بەمشێوەیە پاساوهێنانەوە ئەوە دەردەخات، کە پێویسە گوێگر لە هەموو بەسەرداسەپاندن و هێرشکردنەسەرێک پارێزراوبێت. بەواتای ئەوەی ڕوومەندی گوێگر لە هی قسەکەر گرنگترە، ئەمەش ڕێزگرتنە، بەڵام بۆ قسەکەر کاری هەرەشەئامێزە))(مەعروف، 2012: 89). بۆ نموونە:

داوای لێبوردن دەکەم، لە کاتم گرتی.

ببەخشە، بۆ لات نەهاتبووم.

لە کردەی پاساوهێنانەوەدا ((داوا لە قسەکەر دەکرێت، لە وشەکانیدا شێوازێکی دیاریکراو و سنووردار بەکاربهێنێت، چونکە ئەم شێوازە لە قسەکردندا بە ئاراستەیەکی تایبەتدا دەڕوات، کە قسەکەر پەیڕەوییان دەکات. لێرەدا نرخ و بەهای پاساوهێنانەوەکەش بەجۆرێک لە پێویستییەکانی قسەکەر دادەنرێت، تاوەکو بتوانێت گەشە بە زمانەکەی بدات و لە ئاخاوتنەکەیدا بەردەوام بێت، لە لایەکی ترەوە دەکرێت بڵێین پاساوهێنانەوە بریتییە لە پێشکەشکردن و هێنانەوەی پاساو و ئەو بەڵگانەی ئەنجام و ئاکامێکی دیاریکراو بەدەستدەهێنێت، یان بەئەنجامگەیاندنی زنجیرەیێکی یەک لەدوای یەکەوە گوتەکان و هەندێکی تریان لە جێگەی ئەو ئەنجامەی تیادا بەرهەمدێت، ئەم بەڵگانە دروستدەبن، کەواتە پێکهاتە و ڕۆنانی پاساوهێنانەوە لەبەر ئەو گوتە زمانیانە و ئەو زنجیرە گوتنانە بەندن))(مستەفا، 2014: 66). یاخود پاساوهێنانەوە (جۆرێکە لە داواکردن بە شێوەی پەشیمانی، بەهۆی ئەوەی ئازاری کەسێکی داوە، یان بەهۆی لەبیرکردنی شتێک یان کارێک، یان بەهۆی گلەییکردن، کەمتەرخەمی لە کارێک، قسەکەر داوای لێبووردن و لێخۆشبوون لە بەرامبەرەکەی دەکات، لە هەمان کاتدا مەرج نییە، ئەمە لەلایەن گوێگرەوە پەسەندبکرێت، هەروەها پاساوهێنانەوە بە ئاوازێکی تایبەت لەگەڵ فۆرمە زمانیەکاندا دەردەبڕێت، کە جیاوازە لە بۆنەکانی تر، چونکە هەستکردن بە هەڵە و کەمتەرخەمی تیایدا ڕەنگدەداتەوە، پرسیارکردن بە ئاوازی سەرسوڕمان و پرس بەیەکەوە دەردەبڕین، هەواڵگەیاندنیش جگە لە ئەرکی خۆی هەستدەربڕینیش دەگەیەنێت، هەندێکجار پاڕانەوەیشی تێدەکەوێت، جگە لەوانەیش داواکردن، هەروەها هەندێکجار ماستاوکردن و تکاشی تێدەکەوێت)(شەمس، 2006: 122).

**2/2) یاساکانی پاساوهێنانەوە:**

لە زماندا پێکهاتەی هەر تیۆرێک بەپێی چەند یاسایەک دادەنرێت، تیۆری پاساوهێنانەوەش لەسەر ئەم یاسایانە دارێژراون و بریتین لە:

١- یاسای دابەزاندن:- (ئەم یاسایە بریتییە لە هەنگاوێکی دیاریکراوی پلیکانەیەک، ئەگەر قسەیەک ڕاستبوو، لە هەنگاوێکی ژێرەوەی ئەو پلیکانەیەدایە و پێچەوانەکەی بەڕاست دادەنرێت. کەواتە بەپێی ئەم یاسایە چەمکی نەرێ لەگەڵ دەستەواژەیەک یان ڕستەیەکدا هاوتا و ڕاستدەبن)(عبدالرحمن، 2006: 277) بۆ نموونە:

بارودۆخی ئێرە باش نییە.

لەم نموونەیەدا بارودۆخی شوێنەکە لە چەمکی (زۆر خراپ، شەڕو ترسی زۆر ... دوور بخرێتەوە و بە شێوەیەکی تر بگوترێت (ئەگەر بارودۆخی شوێنەکە باش نەبێت، خراپیش نییە). ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەربڕینیان ناکەونە سەر هەمان پلیکانە.

٢- یاسای نەرێکردن:- (ئەگەر گوتەیەک لەلایەن قسەکەرێکەوە بۆ ئامانجی دیاریکراو بەکاربهێنرێت. نەرێی ئەو گوتەیەش دەبێتە بەڵگە و پاساو لە خزمەتی ئامانجە دژەکەیدا دەبێت)(سەرچاوەی پێسوو، 2006: 278). بۆ نموونە:

ژوان داوای لێبوردن دەکات، بەرامبەر هەڵەکەی کە کردویەتی.

ژوان داوای لێبووردن ناکات، لەبەرئەوەی هەڵەی نەکردووە.

لەم ڕستەیەدا ئەگەر (داوای لێبووردن)ی ژوانمان قبوڵکرد، بەوەی کە هەڵەی کردووە، ندەکرێت داوای لێبووردن نەکردنی، قەبووڵ بکەین لەپێناو دژە ئامانجەکەیدا.

٣- یاسای هەڵگەڕانەوە:- ئەم یاسایە لەگەڵ ((یاسای نەرێکردن وەک یەکن، لەبەر ئەوەی گوتە نەرێکان پێچەوانەی گوتە ئەرێکانن، بە واتایەکی تر ئەگەر یەکێک لە پاساوهێنانەوەکە یان لە سەلماندنی ئەنجامەکەی بەڵگەیەکی بەهێزتری هێنایەوە، ئەوە سەلماندنی ئەنجامی دژە بەڵگەی دووەم لە هی یەکەم بەهێزتر دەبێت))(مستەفا، 2014: 53). بۆ نموونە:

خویندکارەکە بەرامبەر هەڵەکەی داوای لێبووردن دەکات، هەست بە هەڵە دەکات.

خوێندکارەکە داوای لێبووردن ناکات، هەڵە ناکات.

لەم دەربڕینەدا دەردەکەوێت، ئەگەر خویندکارەکە هەڵەنەکات، ئەوا داوای لێبووردن ناکات، چونکە هەڵەکردن پێویست بە داوای لێبووردن دەکات.

٤- یاسای پاساوهێنانەوەی ئاڕاستەیی:- ((لەم جۆرە یاسایەدا، نرخی پاساوەکە بەهۆی ئاراستەی پاساوەکە سنورداردەکرێت، چەمکی ئارگۆمێنتەکەیش بە پلیکانەی پاساوەکە دەبەستڕێتەوە)) (سەرچاوەی پێشوو: 56). بۆ نموونە:

ئەو خوێندکارانەی لە ئاهەنگەکە ئامادەنەبوون، داوای لێبووردنیان کرد.

لەم دەربڕینەدا، دەردەکەوێت، ئەوخوێندکارانەی کە ئامادەنەبوون، ژمارەیەکی کەم بوون و زۆربەی قوتابیان بەشداری ئاهەنگەکەیان کردووە.

٥- یاسای پاساوهێنانەوەی ڕێک:- ((لەم جۆرەیەدا پاساوهێنانەوەی مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، پاساوهێنانەوە لەگەڵ دەرئەنجامەکەدا ڕێکبخات و لەگەڵی بگونجێت.

بۆ نموونە:

کتێبەکان باش و بەسوودن، کەواتە بیانکڕە.

لەم نموونەدا وشەکانی (باش و بەسوودن) لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا کاردەکەن، کە (کڕین)ی کتێبەکانە.

٦- یاسای پاساوهێنانەوەی ناڕێک:- ئەم جۆرە پاساوە لەو جۆرە گوتراوانەدا دەردەکەوێت، کە پاساوەکانی لەگەڵ یەکتردا ناڕێکن و کۆکنین، هەر لەبەر ئەمەشە ئەنجامەکەیان بە دوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕوات))(سەرچاوەی پێشوو: 59-60). بۆ نموونە:

ئەم کتێبە بەسوودە، بەڵام نرخەکەی گرانە.

ئەگەر سەیری ڕستەکە بکەین، دەبینین دوو جۆر پاساوی تێدایە و لەگەڵ یەکدا ڕێک نین.

کتێبەکە بەسوودە ------>بیکڕە.

نرخەکەی گرانە ------->مەیکڕە.

لێرەدا مەرجنییە مەبەستی نەکڕینی بێت، دەکرێت تەنها گوێگر لە گرانی نرخەکەی ئاگادار بکاتەوە.

٧- یاسای پاساوهێنانەوەی هێمایی:- (لەم یاسایەدا هێما هێزێکی وروژێنەرە لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا) (الحباشیة، 2008: 48). لەم جۆرەیاندا هەر هێمایەک ئاماژەیە بۆ شتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە: هەرئاڵایەک هێمایەکە بۆ وڵاتێک، کۆتر نیشانەی ئاشتییە، ڕەنگی سپی نیشانەیە بۆ پاکی و بێگەردی، تەرازوو هێمای یەکسانی و دادوەرییە، گریان نیشانەی دڵ تەنگییە و هەندێکجار گریان لەخۆشیشدا دەبێت، ...هتد.

### 3/2) جۆرەکانی پاساوهێنانەوە:

لە کردەی پاساوهێنانەوەدا، چەند جۆرێک لە پاساوهێنانەوە دیاریدەکرێت، کە ئەمانەن بڕوانە: (عەبدوڵلا، 104:2015) و (شەمس، 2006: 123)):-

١- داواکاری:- لەم جۆرە دەربڕینەدا قسەکەر لەکاتی قسەکردندا دڵی گوێگری ئازار داوە، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات، قسەکەری بەلای گوێگرەوە ڕەقبووە و ئازاری داوە. بەم جۆرەش لەکاتی پاساوهێنانەوەدا داواکاری تێدەکەوێت. بۆ نموونە:

تخوا ببورە، نەدەبووایە ئەو قسەیەم بکردایە.

داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر ئازارم دابێت.

٢- هەستدەربڕین و داواکردن:- هەندێکجار هەستدەربڕین و داواکردن پێکەوە چالاک دەبێت، بۆ ئەوەی گوێگر لە قسەکەر خۆش بێت. بۆ نموونە:

بەگەورەیی خۆت بمبەخشە.

بە دڵسۆزی خۆت لێم ببورە.

بە میهرەبانیت، بمبەخشە.

٣- فەرمانکردن و هەستدەربڕین:- بریتییە لەوەی قسەکەر بە شێوازی فەرمانکردن و هەستدەربڕین پاساو بۆ بەرامبەر بە شێوەی پەشیمانی زۆر و هەستێکی قووڵەوە دەهێنێتەوە، بۆئەوەی گوێگر بتوانێت، لێی خۆشبێت. بۆ نموونە:

تخوا ببورە گیانەکەم، من هەڵە بووم.

٤- پاڕانەوە و ماستاوکردن:- لێرەدا قسەکەر بەمەبەستی ڕەزامەندی گوێگر فۆرمێکی زمانی بۆ پاساوهێنانەوە بەشێوەی (پاڕانەوە و ماستاوکردن) بەکاردەهێنێت و خۆی بە بچوکتر لە ئاستی گوێگردا نیشاندەدات، بۆ ڕاکێشانی هەستی بەرامبەریش ئەوپەڕی ڕێز و جوانی نیشاندەدات، بەمەبەستی ئەوەی پاساوەکەی وەربگرێت. بۆ نموونە:-

بە گەورەیی خۆت لێم ببورە.

تۆ کەسێکی بەخشندەیت، داوای لێبوردن دەکەم.

٥- سوێندخواردن و هەواڵگەیاندن:- هەندێکجار بەمەبەستی پاساوهێنانەوە ئەم جۆرە فۆرمە بەکاردێت. بۆ نموونە:-

لێم خۆشبە.

بە خوا، نەمبیستووە، کە نەخۆشی.

٦- هەندێکجاریش دەربڕینەکان هیچ ئاماژەییەکیان تێدانییە بۆ پاساوهێنانەوە، بەڵام بەهۆی ئاوازەی دەربڕینەکەوە، پاساو و هەست بە کەمتەرخەمی یان هەڵەی قسەکەر دەگەیەنێت. بۆ نموونە:-

بەگیانی خۆشک و برایەتیمان، ئاگام لێی نییە.

قەرزارتیم من نەمکردوە.

## 3) هۆکارەکانی سەرکەوتنی لێبووردن و پاساوهێنانەوە:

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرکەوتنی لێبووردن و پاساوهێناوە، بریتین لە:

١- (لە کاتی توڕەبووندا داوای لێبووردن مەکە، بەڵکو ئارامبگرە، تاوەکو بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە، پاشان داوای لێبووردن بکە، بۆ ئەو کارەی کە کردووتە، ئەگەر پێویستی کرد، بە مەبەستی ڕازیبوون بە داوای لێبووردن هەندێک پاساوی گونجاو بهێنەرەوە.

٢- هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو، بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی داوای لێبووردن دادەنرێت، پێویستە لە کاتی خواردن و خەوتن و کاردا داوای لێبوردن نەکرێت، بەڵکو کاتێک هەڵبژێرە، گونجاوتر بێت.

٣- سوپاسگوزاری، ئەگەر پێتکرا لەگەڵ خۆت هەندێک دیاری و شیرینی لەگەڵ خۆت ببەیت، بەمەبەستی سوپاسگوزاری، ئەمەش وادەکات، خۆشەویستی بخاتە نێوان دڵەکان و ڕقوکینە لە نێوانیان نەهێڵێت) (الحاشدي، 2018: 20).

٤- (بەخشندەیی، پێویستە ئەو کەسەی داوای لێبووردنی لێدەکەیت، لێبووردەبێت، نەک کەسێکی ڕق لە دڵبێت، چونکە کەسی لێبووردە ئامادەیە ئەو کەسە ببەخشێت، کە هەڵە یان ستەمی ئەنجامداوە، لێبووردن بە بنەمایەکی گرنگی ئاشتی و ڕەوشتی ئاشتیخوازانە لە کۆمەڵدا دادەنرێت)(شەمس، 2013: 84).

٥- (بەرپرسیارێتی هەڵگرتن، ئەمەش هەوڵێکە بۆ نیشاندانی هاوسۆزی، ئەگەر بەهۆی ئەو هەڵەی کە کردووتە، دان بە بەرپرسیارێتی بنێیت و داوای لێبووردن بکەیت، ئەوا لە ناڕەحەتی کەسانی دیکە کەمدەبێتەوە، بەمەیش نیشانیدەدات لە کاریگەریی کارەکەی تێگەیشتووە و بەڕاستی پەشیمانە.

٦- باسکردنی هەڵەیەک بەشێوازی ڕوون و ڕاشکاوانە، بەڕوونی باسی هەڵەکەت بکە و هەوڵمەدە هەڵەکەت بشاریتەوە، ڕاشکاوانە باسی بابەتەکە بکە، کە چۆن ڕوویداوە و بۆچی هەڵەتکردوە، ئەمەش وادەکات، کردەی لێبووردن سەرکەوتووبێت.

٧- زیادەڕەوینەکردن لە داوای لێبووردن، دەبێت بزانیت، کەی داوای لێبووردن بکەیت و کەی داوانەکەیت، چونکە هەندێک لەو باوەڕەدان، کە زۆر داوای لێبووردنکردن، کاریگەریی نەرێنی دروستدەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دیکە وابیربکەنەوە، کە تۆ متمانەت بە خۆت نییە، یان لێهاتوونیت، کەواتە هەوڵبدە، داوای لێبوردن لە چوارچێوەی ئەرێنیدا دەربڕیت، بۆ نموونە: ئەگەر لە کۆبوونەوەیەک دواکەوتوویت لەبری "ببورە" هەوڵبدە دەربڕینێکی تر بەکاربهێنیت، وەک زۆر سوپاس بۆ چاوەڕوانیتان)(Talks, 2023:3)

٨- (چارەسەرکردنی کێشە، ئەگەر کەسێکت بریندارکردووە، بەتەنها مەڵێ "ببوورە"، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەنگاوبنێ، ئەگەر توانیت پلانێکی دیاریکراو بخەڕوو، کە چۆن دۆخەکە چارەسەردەکەیت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە تۆ پابەندیی بە ڕاستکردنەوەی شتەکانەوە پابەندبێت.

٩- بەسۆزی و بەکورتی، پێویست ناکات کردەی لێبووردن درێژبێت، یان پڕبێت لە زمانێکی گوڵاوی، زۆربەی کات پەیامێکی کورت و دڵسۆزانە باشترینە، بەو واتایەی ڕاستەوخۆ بچۆرە سەر بابەتەکە و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پەشیمانی خۆت دەربڕە، هەوڵبدە لە هەندێ دەربڕین دووربە، وەک (داوای لێبووردن دەکەم بۆ هەر شتێک، کە ڕوویداوە)، لەم دەربڕینەدا زمانەکە ناڕوونە، تاوانەکە دیارینەکراوە، هەروەها خۆی لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بەدوورەدەگرێت.

١٠- ڕاستگۆیی، پێویستە کەسەکە ڕاستگۆبێت، ڕێزی خۆی بۆ کەسی زوڵملێکراو دەربڕێت، بەرپرسیارێتی ئەو هەڵە بخاتە ئەستۆی خۆی) (Perez, 2015: 31).

## ئەنجامەکان:

١- کردەی لێبووردن و پاساوهێنانەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵدا دەبینن، ئەم کردانە دەبنە هۆی دووبارە دروستبوونەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- لێبووردن و پاساوهێنانەوە وەک دوو کردەی زمانی ڕۆڵ و گرنگی خۆیان لە نێو هەموو کۆمەڵدا دەگێڕن و بەشێکە لە کردەی قسەیی ڕۆژانەی هەموو تاکێک، بۆیە کردەی لێبووردن لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەردەوام دووبارەدەبێتەوە، هاوکات زۆرجاریش پێویستی بە کردەی پاساوهێنانەوە دەبێت بەمەبەستی ڕازیبوون.

٣- کردەی پاساوهێنانەوە، بە زۆری کاتێک بەکاردێت کە کەسەکە هەستبکات هەڵەکەی پێویستی بەزیاتر ڕوونکردنەوە و پاساوهێنانەوە هەیە، بۆئەوەی کەسی بەرامبەر لێی خۆشبێت.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ بە زمانی کوردی:


ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٨)، مەبەستە پراگماتیکییەکان لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

تۆفیق، قەیس کاکڵ (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستەو تێوری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، چاپی دووەم، هەولێر.

سەعید، ناز ئەکرەم (٢٠١٣)، کردار قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

شەمس، هێمن عەبدولحەمید (٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

________ (٢٠١٣)، هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد - پەندی پێشینان بەنمونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

عەبدوڵڵا، شلێر ڕەشید (٢٠١٥)، پرۆسەی گەیاندن وچالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

عوسمان، ئەیاد فەیزوڵڵا و عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠١٨)، ستراتیجیەتێن لێبورینخوازتنێ د زمانێ کوردیدا ڤەکۆلینەکا پراگماتیکییە، کولیژا پەروەردا بنیات، زانکویا دهوک، گۆڤارا زانکویا دهوک، ژمارە(١).

مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (٢٠١٢)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مستەفا، پەروین عوسمان (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی تیوری بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا، بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە (٢٩).


### دووەم/ بە زمانی عەرەبی:


القران الكريم.

المنيق، سليمان عبدالله (بدون سنه)، فن الاعتذار بين الزوجين، المكتبة نور.

الحباشية، صابر (٢٠٠٨)، التداولية والحجاج مداخل ونصوص، دمشق، سوريا.

العبدي، أبي الحسن محمد بن عمران (١٩٩٢)، العفو و الاعتذار، الطبعة الثانية، دار البشير.

العامري، عبدالستار نصيف جاسم و حسن، امين فرج علي (٢٠١٨)، العفو و العتذار في سيرة الرسول (ص) مع ذوي القربي و الشخصيات السياسية و عامة الناس، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة بابل، المجلد٢٥، العدد الثالث.

الحاشدي، فيصل (٢٠١٨)، الاعتذار فن و ذوق، مكتب دار الايمان.

عبدالرحمن، طه (٢٠٠٦)، اللسان والميزان او التكوثر العقلي، الطبعة الثالثة.

عبده، محمد (١٩٩٢)، نهج البلاغة، الطبعة الأول، دار الذخائر.


### سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:


Aijmer, K. (1996), Conversational Routines in English. London: Longman.

Al Adaileh, B.A. (2007), The Speech Act of Apology, A linguistic Exploration of Politeness Orientation in British and Jordanian Culture Unpublished Doctoral Dissertation, Leeds University.

Afghari, Akbar (2007), A sociopragmatic study of apology speech act realization patterns in Persian, English Department, Sheikh Bahaaee University, Bahaarestan, Isfahan, Iran, Speech Communication 49 (2007) 177–185

Almegren, Rehan (2018), The Speech Act of Apology for Saudi EFL Students. International Journal of Applied Linguistics & English Literature E-ISSN: 2200-3452 & P-ISSN: 2200-3592.

Alrshoadi, Lina I. (2020), Apology Strategies in Qassimi Arabic, Theory and Practice in Language Studies, Vol. 10, No. 12, p (1535-1541).

Al-Quraishy, Saadiya Wudaad (2011), The Use of Apology Strategies by Iraqi EFL Learners, University of Al-Qadisiyah/ College of Education.

Al-Zumor, A. (2003), "Apologies in Arabic and English: An Inter-language and Cross-cultural Study".

Austin, J. L. (1962), How to do things with words. New York: Oxford University Press.

Ahmad, Ayad Hammood (2017), The Pragmatics of Apology Speech Act Behaviour in Iraqi Arabic and English. Degree of Doctor of Philosophy in English Linguistics. De Montfort University- UK.

Bataineh, R. F. (2006), "American University Students' Apology Strategies: An Intercultural Analysis of the Effect of Gender

Banikalef, Ala'Eddin Abdullah Ahmed, Maros Marlyna, Ashinida Aladdin, Mouad Al-natour(2015) , Apology Strategies in Jordanian Arabic, GEMA Online® Journal of Language Studies Volme 15(2), June.

Cendar, Payung (2017), Apology Strategies Used by EFL Undergraduate Students in Indonesia, International Journal of Applied Linguistics & English Literature ISSN 2200-3592 (Print), ISSN 2200-3452 (Online) Vol. 6 No. 6.

Cohen, A. and Olshtain, E. (1983), Apology: A speech act set. In Wolfson& E. Judd (Eds), Sociolinguistics and language Acquisition (1835). Rowley, MA: Newbury House.

Hassan, Fareeq Ali (2014), Apology Strategies in Central Kurdish with Reference to English: An Empirical Study in Socio-Pragmatics, Doctoral Dissertation, University of Wales Bangor, UK.

Kitao.S.K and Kitao. K. ,Kenji (2013), Apologies, Apology Strategies, and Apology Forms for Non-Apologies in a Spoken Corpus, Journal of Culture and Information Science, 8 (2) , p(1-13).

Lakoff, R. (2001), Nine Ways of Looking at Apologies: the Necessity for Interdisciplinary Thoery and Method in DiscourseAnalysis.Oxford: Blackwell.

Leech, Geoffrey (1983), Principles of pragmatics, London: Longman.

Lynos (1979), Semantics, Vol.2, Cambridge: Cambridge University Press.

Pérez, Álvaro Ramírez (2015), Intercultural Pragmatics: A Study of Apology-making Strategies, with a Pedagogical Proposal, University of Granada.

Searle. J. R. (1969), Speech Acts, Cambridge University Press.

Talks, Talaera (2023), The Art of Apologizing Effectively Across Cultures.

Trosborg, A. (1985), Interlanguage Pragmatics: Requests, Complaints, and Apologies, Berlin: Mouton de Gruyter.

Wolfson, N. and Judd, E. (1983), Sociolinguistics and Language Acquisition, Rowley, Mass: Newbury House.

Cohen, J.R. (1999), Advising Clients to Apoiogize, California:California University.

Coulmas, F. (1981), Poison to Your Soul: Thanks and Apologies Contrastively Viewed.

Crystal, David (2003), A Dictionary of linguistic and phonetics, 5ed. Malden-Uk: Blackwell Publishi.

Darwish, Saffanah Mahdy Aba (2014), Gender Differences in the Usage of Apology: A Case Study of Native Speakers of English in Jordan's Private Schools, Department of English Language and Literature Faculty of Arts and Sciences Middle East University.

Deutschmann, M. (2003), Apologising in British English, Unpublished Doctoral Dissertation, Umea University.

García, C. (1989), "Apologizing in English: Politeness Strategies Used by Native and Non-native Speakers".

Gill, K. (2000) The moral function of an apology. In The philosophical Forum. Volme XXXI, No. 1. 11-27.

Goffman, E. (1972), On Face-work: An analysis of Ritual Elements in Social Interaction. Harmondsworth: Penguin.

Holmes (1990), “Apologies in New Zealand English”.